# سەگکوژەکانی ئەمڕۆ..جوانکوژەکانی سبەینێن!

**ئەنوەری ڕەشی عەولآ**

وای لە جینۆسایدی ( سەگە هارو خوێڕییەکان)..کە دووچاری (هاربوونی )هەوەس و (خوێڕێتی)–خودی–خۆشمان دەکەن. یەکبینە پەینەبردن بە سامناکی ئەو توندتیژییە تیژبینە ئاسینەی لە ئاست–سەگی بەوەفای–دێیە بەرکەنار و ئاوەدانئەکراوەکانمان هیسترییایانە بە ڕێخراوە و دەخرێ,تەخسیر کردن و بێ هەڵوێستی بەم تەرزە تراژیدیایە ماتەمهێنە..گیانی–نەریتەکانی جوانی– و –ماهیەتی ئەخلاقیمان– دەردەکێشێ!

ئاخر ناکرێ چاوپۆشی و ڕێگە بەو ناحەزدادییانە بدرێ (کە بێخەیاڵە لە تیرۆرکردنی حەوت هەزار سەگی ئاوارە لە ماوەی مانگێکدا). ئەم قێزەونکارییە بێحورمەتکردنێکی بێحەیایانەیە بە هارمۆنیکیەتەکانی نێو ژینگە و کوشتنی تانوپۆی ئەو هێزە ویژدانیەشە کە–پێگەی ئەخلاقی– ئێمەی لە بەرانبەر میکانیکبونەوەی ژیاندا ڕاگرتووە..و لەنگەرگای شوناس و بەها، بە بەهاتە میرات بە جێماوەکانی مرۆڤبوونیشمانە.

ئەو بەها گەلەی یادماندەهێنێتەوە: توندوتیژی بە هەر پاساو و ڕووبەندێکەوە بێت لە بەرانبەر ڕووەك و ئاژەڵدا ناپەسەندە ,بە هەر بیانوو هێنانەوەیەکی بوغزاوییانەوە خۆپەردەپۆش بکات, ناشێ گوێ بۆ وەعزو پەند و سەرگوزشتەکانی توندوتیژی..و پێوەدانگەلە پڕ گزی و فزی نمایشکەرە ڕۆح پیسبووەکان ڕابدێرین! زۆر بە سادەیی ئەم بزاوتە گۆبەندسازە ناڕەسەنە دەستدرێژیکردنە بۆ سەر بنەما بەفەڕەکانی–ماف ویستی–و پێشێلکاریی مافی ئەوی دییە..و بەخەبەرهێنەر و و دنەدەری پەروەردەکردنەوەی شەڕەنگیزیشە لە نێوان ڕایەڵە –هەستپێکراو و هەستپێنەکراوەکانی–غەریزە و ئاگامەندیماندا. ئەمەش پەیڕەوکردنی گفت و بەڵێنەکانی بەرپرسیارێتیمان پەکدەخات و دەپوکێنێتەوە و ناوئاخنداریبە ویژدانیەکەیمان لێ بزر دەکات,لە بەرانبەر نا دادپەروەرییەکدا کە سەر بە –کلتوری تەوورە–و لە درێژبوونەوەیدا لێناگەڕێ بچینەوە سەر ڕێگاکانی–ئاکار دۆزی– و خەونە ئینسانیەکانمان سەرەونگون دەکات و سەری خۆشمان دەخوات. بەڵێ...لە هەر شوێنکاتێکدا توند وتیژی بە ئاشوبە میزاج سالارییەکانیەوە لە بەرزەفڕیدابن و ملهوڕ ئامێز بن..لە نزیکماوەدا مژدەدەری ئۆردویەك لە بوونەوەری ڕۆح گزگلی وەها دەبین کە وشکبووەیە: لە ئەنگیزە تەڕەکانی ژیان.. و دۆڕاو لە بایەخەکانی جوانی.. و دەماغ خەسیو.. و دەرون لاواز و بەتاڵ.. و زەین سوك و نزمیش ,لێماندەبنە دەستپێکەر.. و دەمڕاستی پێداویستیە ڕۆحی و مادییەکانمان!لەو نیشتمانەی ئەو (قارەمانە) سەگکوژ..و کەرکوژ..و ژنکوژ..و خواکوژانە داڵدە دەدا و دەلاوێنێتەوە !چۆنچۆنی دەتوانین بەرگەی بێدەنگی بگرین..وچاوەڕێبین مافەکان یەخسیرزەدە و گەمارۆ نەدرێن بەتەنگژەکانی خەساندن و لە باربردن؟ ئەفسوس...ئەو هێزە زبرەی لە بەراییدا سەگکوژی دەکاتە عادەتێکی خۆش بۆ ئەنگیزە نەخۆشەکانی خۆی ! بێ ئەملا وئەولا بەپوچێتیەکەی دەیدرکێنێ خۆ سازێنەرە بۆ سەرکوتکردن و خۆمەشقپێکەرە بۆ مرۆڤکوژیش!!بێپەردەتر..داخوا جارێکیتر ئەمە بەربوونەوەی ماهیەتی وجودییانەی ئێمە نیە بۆ ناو مەحەك و هاوکێشەکانی ( جەللاد بوون و قوربانی بوون ) ؟